کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-6-2007 17:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# رونکردنەوەیەک لە ستافی "شەهید ئاریا"وە

دوای ئەوەی هەندێك لە مامۆستایانی ئاینی بەهۆی خراپ حاڵیی بونیانەوە لە کارەکتەری مەلا جوانی زنجیرە درامای ئاریا و چەند یەکێکیش بە مەبەستی قۆستنەوەی ئەو خراپ حاڵییبوونە بۆ مەرامی کەسیی و حیزبی و سیاسیی، زیاتر کەوتنە هاندانی مامۆستایانی ئاینی بەڕێز بۆ هەڵوێست وەرگرتن و خۆیشیان لە وتارەکانیاندا هانی جەماوەری موسڵمانیان ئەدا بۆ شڵەژاندنی ئاسایشی شار، بە چەواشە کردن و بوختان هەڵبەستنی زۆر دیارو هێنانە جۆشی عاتیفەی موسوڵمانەکان بەمجۆرە

1. بۆ ئەو مەبەستانە تەفسیری زۆر نادروست و نارەوایان دایە پاڵمان گوایە سوکایەتیمان بە قورئانی پیرۆز کردبێ، کە ئەمە نەك هەر بۆ مەبەستی خرۆشاندنە بەڵکو بۆ خوێنڕشتنیشە، جگە لەوەی کە ئێمە تەنها بینەران ئەکەینە شاهیدی ئەم بوختانە، ئەوەش ئەڵێین کە لە زۆرینەی دیمەنەکاندا و لە کاتی بانگدا کاری ئێمە ئەوەستا بۆ نوێژکردن.. جگە لەوەش ئێمە بە هیچ جۆرێك باوەڕمان بە سنووربەزاندن نییە بۆ سەر ئاین و بیروباوەڕی هیچ کەسێك و ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش بە تێنەگەیشتن لە ژیانی مەدەنیانە وەسف ئەکەین و بەردەوام ئەوە دووپات ئەکەینەوە، کە جێگەی هەر جۆرە بیروباوەڕێك ئەبێتەوە بە مەرجێك سنوری ئازادیی خۆی نەبەزێنێ.
2. لە وتارێکدا وترا گوایە ئێمە کرێگرتەی زایۆنیزم و ئیسرائیلین و کارمان لە سەر شێواندنی ڕەمزەکانی ئیسلام کردووە: هەر کەسێك ئەو پێنج ئەڵقەیەی لەو درامایە بینیبێ، ئەزانێ کە لە چەند شوێنێکدا ئێمە باسی ئەوەمان کردووە کە مەلا جوانی ئاریا نەك هەر مەلا نەبووە، بەڵکو تاوانبارێکی ئەو دیو بوو، دوای تاوانێك ڕوو ئەکاتە ئاریا و پاش ئەوەی لە مەلا لە خواترس و پیاوچاکەکەی ئاریاوە، چەند ئایەتێك دەرخ ئەکا، ئیتر مەلای ڕاستەقینەی ئاریا ئەکوژێت.. ئەم قسانە واتە مەلا جوان تەنها لە جل و بەرگدا مەلا بوو، ئەویش بۆ تێپەڕاندنی تاوانەکانی بەسەر خەڵکی ڕەش و ڕووتدا کە مەلا جوان ئەتوانێ باشتر تەفرەیان بدات، چونکە لە ژێر پەردەی ئایندا خۆی و تاوانەکانی شاردۆتەوە، ئایا ئەمەیە ڕەمزی ئیسلام تا شێوێنرابێ. ؟ دوای ئەوە کرێ گرتەیی چی بەڕێزان؟ کرێ گرتەی کێش؟ دەوڵەتی ئیسرائیل.. ئەمە جگە لەوەی دروستکردنی پارانۆیای سیاسەتە و عەقڵی موئامەرەگەریی بەرهەمی ئەهێنێ، چ پەیوەندییەکی بە دراماکەی ئێمەوەو هەر نییە.. ڕاستیەکەی ئەمە تەنها بۆ خرۆشاندنی عاتیفەی موسوڵمانانی کورد و دەوڵەتە عەرەبیەکانە.. ئەمە تەحریز کردنی ڕاستەوخۆی خەڵکە دژی ئێمە، چونکە بابەتەکە بە جۆرێك شێوێنراوە کە جێگەی ئەم قسانەی بە ئاسانیی تیا ببێتەوە، ئەگینا هەمان ئەو کەسانە ئەزانن کە ئەو درامایە هیچ سوکایەتیەکی بە ئاین نەکردووەو تەشقەڵەی پێئەکرێ بۆ بەدی هێنانی مەرامی تر.
3. لە هیچ دیمەنێکی ئەو درامایەدا ئەو دەلالەتە نییە کە ژنی مەلا جوان تەعەدای لێبکرێ یاخود بە سوك نیشاندرابێ، بە پێچەوانەی چەواشەکارییەکەوە کە ئەم تۆمەتەی داوەتە پاڵمان.. خونچەی ژنی مەلا جوان، کچی سەردەمی غەدر و چەوسانەوە و عەزابە، پشت بە مەلا جوان نابەستێ دیفاعی لێبکا، خۆی بەردەوام ئازایانە ڕووبەڕووی کێشەکانی ئەبێتەوە.. بەڵام کاتێك کوڕی نادر ئاغا زۆری بۆ ئەهێنێ و ئەویش بە ناچاریی بە جوان ئەڵێ، جوانی تاوانبار هەر بەزۆر تۆمەتەکەی بەسەرا دائەبڕێ و بە دەستی براکەی ئەسوتێنرێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

4. قسەیەك ئەکرێ گوایە ئەم درامایە بۆ زیان گەیاندنە بە ئەمنی قەومی.. لە ڕاستیدا ئەم درامایە بانگەوازێکە بۆ دامەزراندنی دەزگایەك بە ناوی ئەمنی قەومییەوە، هەروەك ئامادەکردنی تاکەکانی کۆمەڵە بۆ بە گژاچوونەوەی هەر بیر و باوەڕێك و لە ژێر هەر پەردەیەکدا کە بیانەوێ ڕێ لە شعوریی نیشتیمانپەروەریی و ئاڵاو زمان خۆشویستن بگرن، کە بنەماکانی ئەمنی قەومین.. ڕەنگە ئەم گوتارەی ئێمە وایکردبێ، دەستێکی تر کە هەستی بەم مەترسیەی سەرخۆی کردبێ، خۆی بهاوێتە ناو نارەزاییەکان بۆ ڕاگرتنی زنجیرەکە.. ئێمە ئەمە بە کارێکی پێشمەرگانە ئەزانین کە خەبات بکەین بۆ بە دیهێنانی و لەم پێناوەشدا باکمان لە خۆبەکوشتدان نیە دڵنیابن، وشیارکردنەوەش کاری ڕۆشنبیرە، نەك تانوت و قسەی بازاڕیی.

5. گوایە سوکایەتی بە ئاینی ئیسلام کراوە: ئێمە سەرسوڕماوین لە بەردەمی ئەم ڕستەیەدا.. بۆچی سوکایەتی بە ئاین بکرێ لەکاتێکدا زۆرینەی گەلەکەمان موسوڵمان بن؟ کەواتە سوکایەتی بە میللەت کراوە، کە ئەمەش لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا جێی نابێتەوە.. خۆ ناشکرێ لە مەسئولی گەندەڵ و لە ئاغایەکی زۆردار و ئەفسەرێکی میزاجیی و هەوەس باس بدوێین کە هەر یەکەیان نموونەیەکن، خۆ هیچ یەکێك لەوانە تەعمیم نەکراون، ئەی بۆچی نابێ باس لە تاوانبارێك بکەین -کە هەزاران نموونەی هەیە نەك یەکێك- لە ژێر پەردەی ئایندا خۆی ئەشارێتەوە و تاوان ئەکات، بڤەیە؟ نابێ کەس لەو جۆرە مەترسییە ئاگاداربکرێتەوە کە ڕۆژانە دەیان کەسی لە عێراقدا تیا ئەبێتە قوربانیی؟.. بە ڕاستی دیفاع کردن لە کابرایەکی تاوانبار، تەنها لەبەر ئەوەی جلی مەلای لەبەردایە، بە یەکێك لە ماناکان ڕێگە خۆشکردنە بۆ تاوانکردن بەو جلو بەرگەوە، کە ئەبووایە یەکێتیی زانایانی کوردستان، پێیان لەسەر تەواوکردنی زنجیرە دراماکە دابگرتایە، چونکە لە چەند ئەڵقە نەبینراوەکەدا، بە یاداشتێکی سیامەند و برادەرەکانی، مامۆستایەکی ئاینیی بەڕێز ڕوو ئەکاتە ناوچەکە و با بیانزانیایە بە دەست جوانی تاوانبارەوە چی بە سەردێت و چارەنوسی جوان چیی ئەبێت.. نەك بەو پەلە پەلە بکەونە خۆ و دڵی دوژمنانی ئاینەکەش خۆش بکەن.

6. گوایە سوکایەتی بە مەحوی و کێ و کێ کراوە: ڕەنگە بەشبەحاڵی خۆمان، سوکایەتی کردن بە فەیلەسوف و زانایەکی وەك مەحوی، لە ڕێزەی کوفرکردندا دابنێین.. گەر دوژمنانی ئازادی و ئەمنی قەومیی کورد بیانهێشتایە، یەك هێڵی درامیی زنجیرەکە لەسەر شیعرەکانی ئەو پیاوە مەزنە بوو، کە بەڕاستی ببوە ئیحا و بونیادیفیکریی دراماکە.. ئیتر با هەر بینەر خۆی بڕیار بدات چەند سوکایەتیی بەو درامایەی ئێمەوە کرا، هەر بە بوختان هەڵبەستن.. خۆ ئەگەر بێینە سەر فیکری دراماکە، ڕەنگە ئەوانەی لە پاکبوونەوەی کۆمەڵگە ئەترسن لە خەوشە کۆمەڵایەتیی و دەرونیی و ئیداری و سیاسی و فیکری و ئەزموونییەکانی کۆمەڵ، هەر بە نوێی نیوەڕۆ ڕەجممان بکەن.

7. ڕاستکردنەوەی سەرجەم بەدحاڵیی بوون و بوختانەکان ڕەنگە وەك "خەسەن و خوسێن"ەکە بێ کە کابرا وتبووی " هەرسێکیان کچی ئیمامی موغاویەن".. بەڕاستی ئێمەش هەر بەو جۆرە نازانین کامیان ڕاست بکەینەوە، چونکە دراماکەش وەك هەر پێشمەرگەیەکی نیەتپاك و تێکۆشەری کوردستانە شێواوەکەمان شەهید کرا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.